ئەگەر نەوەی ئادەم بەیانی بەسەردا بێت، هەموو ئەندامەکان ملکەچی زمان دەبن، ودەڵێن: تەقوای خوا بکە سەبارەت بە ئێمە؛ بەڕاستی ئێمە وەکو تۆ دەبین، ئەگەر لەسەر ڕێگای ڕاست بیت؛ ئەوا ئێمەش لەسەر ڕێگای ڕاست دەبین، وئەگەر تۆ لەسەر ڕێگای چەوت ولار بیت؛ ئەوا ئێمە لەسەر ڕێگای چەوت ولار دەبین

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر نەوەی ئادەم بەیانی بەسەردا بێت، هەموو ئەندامەکان ملکەچی زمان دەبن، ودەڵێن: تەقوای خوا بکە سەبارەت بە ئێمە؛ بەڕاستی ئێمە وەکو تۆ دەبین، ئەگەر لەسەر ڕێگای ڕاست بیت؛ ئەوا ئێمەش لەسەر ڕێگای ڕاست دەبین، وئەگەر تۆ لەسەر ڕێگای چەوت ولار بیت؛ ئەوا ئێمە لەسەر ڕێگای چەوت ولار دەبین».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: هەموو ئەندامەکان ملکەچ وزەلیل دەبن بۆ زمان وشوێنی دەکەون، بۆیە هەموو بەیانیەک بە زمان دەڵێن: (تەقوای خوا بکە سەبارەت بە ئێمە، بەڕاستی ئێمە وەکو تۆ دەبین). زمان ترسناکترین ئەندامە بۆ سەر مرۆڤ، ئەگەر زمان لەسەر ڕێگای ڕاست بوو وخۆی پاراستن لە حەرامکراوەکان ئەوا هەموو ئەندامەکان لەسەر ڕێگای ڕاست دەبن وکردەوەی چاک ئەنجامدەدەن، وئەگەر زمان لایدا وگومڕا بوو وتووشی حەرامکراوەکان بوو ئەوا ئەندامەکانیش لادەدەن وتووشی کردەوەی خراپ دەبن، لە فەرموودەیەکی تردا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (لا يستقيم إيمان عبد حتى يستقيم قلبه، ولا يستقيم قلبه حتى يستقيم لسانه) واتە: (ئیمانی -باوەڕی- هیچ بەندەیەک لەسەر ڕێگای ڕاست نابێت هەتاوەکو دڵی دێتە سەر ڕێگای ڕاست؛ ودڵی نایەتە سەر ڕێگای ڕاست هەتاوەکو زمانی دێتە سەر ڕێگای ڕاست)، لەم بابەتەدا فەرموودەی زۆر هەیە کە بەڵگەن لەسەر ترسناکی زمان، زمان: یان هۆکاری ئاسوودەیی یان هۆکاری تیاچوونە بۆ خاوەنەوەکەی، ئەگەر بەندە زمانی بەکاربهێنێت لە پەرستنی خودا ئەوا ئاسوودە دەبێت لە دونیا وئاخیرەتدا، وئەگەر زمانی بەرەڵا بکات لە ووتنی هەموو شتێک کە خوای گەورە لێی ڕازی نەبێت ئەوا ئەمە دەبێتە هۆکاری پەشیمانی بۆی لە دونیا وئاخیرەتدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3579